ناوخۆی عێراق لەماوەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەخێ ئۆپۆی ئامادەباشی هاوگەیەنێت بۆ دەستبەرکردنیان

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاند، ئاستی هۆشداریی بەرزکردوەتەوە و سەرجەم یەکەکانی کەکردوەتەوە بۆ دەستبەرکردنی ژینگەیەکی ئارام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە سەرتاسەری وڵاتدا، نزیکەی 185 هەزار ئەفسەر و کارمەند بەشداری دەکەن.

عەمید میقداد میری، بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتیەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئەمە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، نزیکەی 185 هەزار ئەفسەر و کارمەند بەشداری دەکەن لە پاراستنی زیاتر لە حەوت هەزار بنکەی دەنگدان بە دەنگدانی گشتی و نزیکەی 600 ناوەندی دەنگدانی تایبەت.

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەپراسیۆنە ئەمنییەکان لە سنورەکانەوە دەستپێدەکەن تا ناوەندەکانی شارەکان بە دەنیابون لە بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و سەلامەت".